www.kurdistannet.org
20-2-2007 20:59 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## یانەی سیروانی نۆێ سزا درا بە بڕی 200 هەزار دینار بۆ؟؟؟ ... ئەنوەر خەراجیانی

لە پاشكۆیی كوردستانی نۆێ ستادیۆم ژمارە 251 ڕۆژی 18 / 2 / 2007 ئەم باسەم بەر چاو كەوت دەربارەی سزادانی یانەی سیروانی نۆێ بە بڕی 200 هەزار دینار ئەم سزایە دیارە لە لایەن یەكێتی ناوەندی تۆپی پێی كوردستان دراوە هۆكاری سزا دانیش دەگەڕێتەوە بۆ كەم تەر خەمی یاریزانانی یانەی ناو براو كە درەگ ئالای پیروزی كوردستانیان كردووە بە درێسەكانیانەوە، لێرەدا قسەكردن دێتە پێشەوە لە سەر ئەم باسە. . . .
دیارە لە هیچ یانەیەكی ئەم سەر زەمینە نەبینراوە ئالای وولات لە سەر درێسی یانەكان بێت هەر یانەیەك ئالاتی تایبەتی خۆی هەیە كە ڕەمزی یانەكە نیشان ئەدات، ئالای كوردستان دەبێت لە سەر درێسی هەڵبژاردەی كوردستان بێت، بە بۆ چونی بەر پرسانی وەرزشی كوردستان نیشتمان پەروەری بەوە دەزانن ئالای كوردستان لە سەر درێسەكان بێت بەڵام لە هەمان كاتدا یانەی سیروانی نۆێ لە كۆیی 11 یاریزان 9 یاریزانی عەرەبی هاوردەیە، فەرامۆشكردنی یاریزانانی كورد و هێنانی عەرەبی هاوردە ئەمە كێشەیە لە ناو وەرزشكارانی كورد نەك ئالای پیروزی كوردستان، پێم وایە ئەمە دژ بە یاسایە كەوا ئالای كوردستان بخەیتە دەستی عەرەبەوە ماوەیەكی زۆرە لە كاتی یاریەكانی یانەكانی كوردستاندا هاندەران بەرادەیەكی دوور لە شارستانیەت سوكایەتی بە شارەكان دەكەن بەتایبەتی لە نیوان هاندەرانی سلێمانی و هەولێر تا ئێستا یەكێتی ناوەندی تۆپی پێی كوردستان كاری بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام نە داوە دەكرێت لە بری ئەم ووتە ناشرینانە هەموو یانەیەك وەك یانەكانی ئەوروپا سروودی تایبەتی خۆیان هەبێت كەوا هاندەران لە كاتی یاریەكاندا بە یەك دەگ بیلێینەوە لە جیاتی قسەی سوكایەتی بە یەكتری.

ئامادەكردنی
ئەنوەر خەراجیانی










ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.